ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

PowerPoint - بەشی دووەم.

نووسەر: Kameran Sorani

@: Kameran.Sorany@Gmail.Com

چۆنیەتی کارکردن لە سەر ( Powerpoint )و دواتر دروست کردنی ( Screensaver )

بەشی دووەم :

لە بەشی یەکەمدا فێری دروست کردنی سلاید، نووسینی تێکست، هێنانی وێنە، گرافیک... هتد بووین. ئەم بەشەیان تەرخان ئەکەم بۆ فێربوونی کاریگەرییەکان لەسەر چۆنیەتی کردنەوەی سلاید، هاتنە پێشەوە یان دەرچوون لە تێکست و وێنە بە شێوەی سەرنج ڕاکێش... واتە چۆن بتوانین بە پێی ئارەزوو و پێداویستی بابەتەکەمان تێکستێک یان وێنەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا بێتە پێشەوە و ساتێک بمێنێتەوە لە سەر سلایدەکە و دواتر جێگای خۆی بدات بە نووسینێک یان وێنەیەکی تر.

1.کاریگەرییەکان لە سەر نووسین و وێنە :

سەرەتا کرتە بکە لە سەر نووسین یان وێنەکە . لە (Menu bar) بچۆ (Slide show) دواتر کرتە بکە لە سەر ( Custom animation ) . تێبینی ئەکەیت کە لە لای ڕاستی سلایدەکەوە پەنجەرەیەکی بچووکت بۆ ئەکرێتەوە کە لە سەری نووسراوە Custom) animation ) . دوو دووگمەی سەرەکی تێدایە کە یەکێکیان بریتییە لە ( Add effect ) و ئەوی تریان ( Remove ) کە ئاماژەیە بۆ لابردنی ئەو کاریگەرییانەی کە پێشتر داتناون و بە دڵت نین .




کرتە بکە لە (Add effect) تێبینی ئەکەیت کە چوار هەڵبژاردنت بۆ ئەکرێتەوە .

1. (Entrance) کە چۆنیەتی هاتنە پێشی تێکست یان وێنەکەت پیشان ئەدات .

2. (Emphasis) مەبەست لێی بۆ تەئکید کردنە لە سەر تێکست یان وێنەیەکی دیاریکراو.

3.(Exit) پەیوەندە بە چۆنیەتی دەرچوونی تێکستێک یان وێنەیەک.

4.(Motion paths) کە پەیوەندە بە جوڵانی تێکست یان ئەو وێنەیەی کە هەڵتبژاردووە بە شێوەی جۆراوجۆر.




پاش کرته کردن له سەر هەر یەکێک لەم بەشانە چەند هەڵبژاردنێکی جۆراوجۆرت دێتە پێش . ئەتوانیت کرتە بکەیت لە سەر (More effects) بۆ ئەوەی هەموو کاریگەرییەکان ببینیت و تاقییان بکەیتەوە و بە پێی ئارەزووی خۆت هەڵیبژێریت. بۆ لابردنی هەر کاریگەرییەک پاش هەڵبژاردنی ئەتوانیت کرتە لە ( ) بکەیت.

هەوڵ بدە بۆ تەواوی ئەو سلایدانەی کە هەن و بۆ هەر تێکستێک و وێنەیەک چەند کاریگەرییەک هەڵبژێریت. پاش ئەنجامدانی ئەم کارە دێینە سەر هەنگاوی دووەم.

2. کات و چۆنیەتی دەرکەوتنی کاریگەرییەکان.

تێبینی بکە هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە هەڵتبژاردوون ئەتوانیت ڕاستەوخۆ لە (Custom animation) بیانبینیت کە ژمارە کراون . کرتە بکە لە سەر هەر کاریگەرییەک زانیاری زیاتر ئەبینیت لە بەشی سەرەوەیدا. یان ئەتوانیت جێگۆڕکێیان پێبکەیت.

بۆ نموونە لە ( Start ) سێ هەڵبژاردنت بەرەو ڕوو ئەبێتەوە کە مەبەست لێی چۆنیەتی دەستپێکردنی کاریگەرییەکەیە بە پێی ویستی خۆت.

1. (On Click) واتە کاریگەرییەکە بە کرتە دێتە پێشەوە.

2.(With Previous) واتە کاریگەرییەکە لەگەڵ کاریگەرییەکی پێشتردا دەرئەکەوێت.

3.(After Previous) ) واتە کاریگەرییەکە دوای کاریگەرییەکی پێشتر دەرئەکەوێت.




لە (Speed) چەند هەڵبژاردنێک ئەبینیت( وەک: Very slow, Slow, Medium, fast, Very fast ) کە پەیوەندن بە خێرایی و خاویی کاریگەرییەکانەوە.




یاخود لە (Custom animation) پاش هەڵبژاردنی کاریگەرییەکە ئەتوانیت دوو کرتە بکەیت . ئەمجارەیان ئەتوانیت بە شێوەیەکی بەربڵاوتر دەستکاری شێوەو کاتی کاریگەرییەکە بکەیت. هەر وەک لە وێنەکەدا دیارە.




3.کارپێکردنی سلایدەکان بە بێ وەستان.

ئەگەر وویستت سلایدەکان نەک بە کرتە، بەڵکو ڕاستەوخۆ و بە بێ وەستان بە دوای یەکدا بێن ئەوا بچۆرە (Slide show) و دواتر (Slide transition) هەڵبژێرە. تێبینی ئەکەیت لە لای ڕاستی سلایدەکەوە پەنجەرەیەکی بچووکت بۆ ئەکرێتەوە و لێی نووسراوە (Slide transition).




نیشانەی ڕاست لە سەر (On Mouse Click) لاببە و لە جیاتی (Automatically after) هەڵبژێرە. دواتر بە ئارەزووی خۆت کاتەکە هەڵبژێرە. بچۆ (Slide Show) تەواوی ئەو پەرگانەی کە دروستت کردوون دێنە سەر شاشەکە بە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانیانەوە. ئەوکات هەست بە گۆڕانکاری دەرکەوتنی سلایدەکان ئەکەیت کە نەک بە کرتە بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە ئۆتۆماتیکی بە دوای یەکدا دێن.

بڕوانە نموونەیەکی تایبەت بەم بابەتە.

کۆتایی بەشی دووەم.

دوایین بەش تایبەتە بە دروست کردنی (Screensaver) بە بەرنامەی (Powerpoint screensaver maker).

بەشەکانی دیکەی ئەم بابەتە: بەشی یەکەم، بەشی سێیەم، بەشی چوارەم.

---

Nov 2005 03

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت